با (10)یەمین ساڵڕۆژی راپەڕین هاندەری ئاشتی‌و ئاشتبوونەوەی نیشتمانی بێت

برادەران! دە ساڵ سلاو



ناوەزەنگ 1989 ئاهەنگی نەورۆز

برادەران! برادەرانی وەستاوی زۆر دوور لە هێڵی باو.. ئەو هێڵەی لە خۆ پێشکێشکردنەوە دەسپێدەکاو بە خۆڕەپێشکردن بە کۆتا دێ.. برادەران! ئێوە ئەوانی دی نا.. سلاوی دە ساڵو دە ساڵ سلاوتان لێبێت، دە ساڵی پڕو بەتاڵ لە واتا.. دە ساڵی پەرتەوازەیی‌و پەراوێزنیشینی، دە ساڵی مەستبوون بە دیار نەکردنەوەی هاوکێشەی ئاڵۆزو بەرەواژ.. برادەران! ساتەکانی چەك فڕێدان‌و چوونە پاقژگەتان باش.. ساتەکانی خۆ رووتکردنەوە لە درۆو هاتنەوەی بەر ئاوێنەتان باش.. هەموو ساتە ئارەقە لێچۆڕاوەکانی بەدوای نان گەڕان‌و ساتە پشوو درێژەکانی بێکاریتان باش.. برادەران! ئێوە ئەوانی دی نا.. دە ساڵ ئازادیتان باش، دە ساڵ نامۆییتان باش.. برادەران! ئێمە و ئەوان تەنها لەوێ تەباین، لەو شوێنەی دە ساڵ پەراوێزنیشینیمان، دە ساڵ سەنتەرگرییان، بە پێش دە ساڵ ناگۆڕینەوە، ئێمە و ئەوان چەند لێك دوورین.

برادەران! بەسەرچوو سەردەمی گێڕانەوەی حەقایەت‌و لە دەست چوو ساتەکانی مەتەڵ هەڵهێنان، بزربوو سەرە داوی دۆزینەوە.. چەندێ گفتی هەنگوینیمان بە منداڵانی گوندی دەداو چەندێ گفتی چوکلێتیمان بۆ منداڵانی شار دەنارد.. برادەران! ئێمە چەند راستگۆ بووین، تازە فریای ژماردنی درۆ تاڵەکانمان ناکەوین، چەند درۆزن بووین، تازە فریای ژماردنی راستییە شیرینەکانمان ناکەوین.. کەی بوو تووتییەکانی ناخمان هەڵفڕین؟!

بە نیازی کوێ بووین‌و لە کوێ خۆمان دیتەوە! ئەوە نییە لەگەڵ سەگەکانی ئەنفال کەتووینەتە چاڵ..! یادەوەرییەکان تۆزو خۆڵی پاییزی نین، بە سووکە دەستێ خۆ بتەکێنین، چ هەڵەبچەیەکمان لە ناخدایە و چ مەترسییەکین بەسەر ژەهراوی بوونی ژینگەوە!

برادەران! پەرتەوازە بوونی واتا بەسەر سیمامانەوە نیشتووەو رژاوین وەك جامی بەهاکان‌و لە کونجەکانی گۆشەگیری ون دەبین، لە تاریکایی شەو ون دەبین، ونتر لە تابلۆ بریندارەکانی (ابو ایار)1، ونتر لە دەستنووسە شەرمنەکانی (حەیدەر)2 ونبووین، ون دەبین وەك (هۆگر)3و تەرە فریای ژماردنی راستییە شیرینەکانمان ناکەوین.. کەی بوو تووتییەکانی ناخمان هەڵفڕین؟!

بە نیازی کوێ بووین‌و لە کوێ خۆمان دیتەوە! ئەوە نییە لەگەڵ سەگەکانی ئەنفال کەتووینەتە چاڵ..! یادەوەرییەکان تۆزو خۆڵی پاییزی نین، بە سووکە دەستێ خۆ بتەکێنین، چ هەڵەبچەیەکمان لە ناخدایە و چ مەترسییەکین بەسەر ژەهراوی بوونی ژینگەوە!

برادەران! پەرتەوازە بوونی واتا بەسەر سیمامانەوە نیشتووەو رژاوین وەك جامی بەهاکان‌و لە کونجەکانی گۆشەگیری ون دەبین، لە تاریکایی شەو ون دەبین، ونتر لە تابلۆ بریندارەکانی (ابو ایار)1، ونتر لە دەستنووسە شەرمنەکانی (حەیدەر)2 ونبووین، ون دەبین وەك (هۆگر)3و جانتاکەی... برادەران! بە رەنگی زەرد و دوو چاوی رەونەق دزراوەوە، سبەی، درەنگترنا وەك (شالاو)4 دەستەو ئەژنۆ لە پێش شالاوی مەرگ دادەنیشین‌و فریادرەسێ شك نابەین..

برادەران! دە ساڵە وەك (ئاشتی)5 بە کۆڵان‌و شەقامەکاندا دەگەڕێین‌و شوێنکارێك دەرگای کاری لێنە کردینەوە، شوێنکارێك تانە لە کەرامەتمان نەدا.. دە ساڵە بەپێی (هەڵوێست)6 بە دوای ناندا رادەکەین‌و هەر نەیگەیشتینێ.. گلەیی لە کەس ناکەین ئێمە (حاجی دەهام)7ین، هەڵەبووین هەموو هەڵەکانمان لەو رۆژەدا دووبارە کردەوە، گوێمان لە بێزارییەکانی (هەندرێن)8 نەگرت‌و هەندرێنەکانمان بەجێ نەهێشت.. هەڵەکانمان لەو شوێنەوە کەوتنە زاوزێ‌و جمکیان دەهێنا کە کتێبەکانمان ئەزبەر دەکرد و لە قسە گەورەکان ورد دەبوینەوەو ساتێ خۆمان بە حیکمەتەکانی (خارە خولە)9 ماندوو نەکرد و نەمانویست تێیان بگەین.

دە ساڵە چاومان لە قسەو دیمەنە عەنتیکەکانی سەر شاشەی تەمەن بڕیوەو نەمانتوانی بۆ جارێك (ئومێد)انە10 لە قاقای پێکەنین بدەین.. پێکەنین لە کوێوە دێ! ئێمە (سیامەند)انە11 مارانگەستەین، برادەران! بەسەرچوو ساتەکانی حەماسەت، (شێرزاد)یش12 بێتەوە، هێند شەکەتین، ناتوانین لە مەتارەکەی ئەوەوە قومێك حەماسەت بخۆینەوە.. تەزیوین تەزیو وەك جەستەی هەیبەت سوڵتان‌و (شۆڕش)13 دڵشکاوین.. دڵشکاو وەك دڵە ژنانییەکەی (ئایشە گوڵ)14.. میزاجی مۆسیقاو گۆرانیشمان تێکچوو، ئێستا گوێ لە (سەحەر)ەکەی (م.چەتۆ)15 ناگرین.

برادەران! برادەرانی کۆڵانە قوڕاوییەکانی نیشتمان برادەرانی ژێر پێ کەوتوو، پێی راپەڕین! گەیشتینە کوێ؟ نیشتمان بە ئێمە چی! یاخیبوونەکانمان لەوێ کۆتایی هات، لەو شوێنەی دەست بۆ بەشە زەکاتی (un) پاندەکەینەوە.. نیشتمان بە ئێمە چی! دە ساڵە نەمانتوانی کۆڵێتێك بۆ منداڵەکانمان قیت بکەینەوەو هەر کرێچی جاش‌و پیاوکوژو ژنهەڵگرانین..

برادەران! من ئێستاش هەر بە قەد جیاوازییەکانی جاران لە ئێوە جیام، بیرتانە لە پێش دەستپێکی هەر شەرێ پێکەوە گیڤارامان دەور دەکردەوە، بەڵام دوای شەڕەکان من بە تەنیا (ئەلبێر کامۆ)م دەخوێندەوە، بیرتانە ئەو ساتانەی ئێوە سەرگەرمی کۆبوونەوە تایبەتییەکان بوون من تەنیا تەنیا دوور لە ئێوە رامی رامانم دەکرد.. ئێستاش مامۆ وا لێرە ئەوەش ئەدرەسەکەم: شاری عەولەمە، گەڕەکی سەرمایە، کۆڵانی بەدحاڵیبوون، ژمارەی دەرگا (91) لەسەر (2001)، نزیك ماڵی راپەڕین، بگات بە دەستی (کۆنە....).

پەراوێزەکان:

1- ابو ایار: هونەرمەندو پێشمەرگە، لە ساڵی 1988 لە مەڕانێ بۆئەوەی دەستی دوژمن نەکەوێ بە گوللەیەك خۆی شەهید کرد.

2- حەیدەر کەریم: نووسەرو پێشمەرگە، لە سێکانیان شەهید بوو.

3- هۆگر: پێشمەرگە، پێش راپەڕین لە سەفەری هەندەران، بزر بوو.

4- شالاو: پێشمەرگەی دێرین، ساڵی پار نەخۆش کەوت‌و، پارەی عیلاجی نەبوو، کۆچی دوایی کرد.

5- ئاشتی ئەحمەد: شاعیرو پێشمەرگەی دێرین، زۆر بە دوای کاردا گەڕاو دەگەڕێ.

6- هەڵوێست: (حەمە عەباسی شاعیر).

7- حاجی دەهام: پێشمەرگەی دێرین، کاتێك لە پێشمەرگەیەك بەتایبەتی مەسئول، تووڕە دەبوو، سێ چوار جنێوی مزری بە خۆی دەدا، وای لێهاتبوو، هەر پێشمەرگەیەك لە جیاتی ئەوەی جنێو بە خۆی بدا دەیگوت: من حاجی دەهامم، ماوەیەك لە شێخەڵلا سەموونی دەفرۆشت.

8- هەندرێنی شاعیر: پێشمەرگەی دێرین، پێش راپەڕین چووە هەندەران.

9- خاڵە خولە: پێشمەرگەی دێرین، لە کاتی پێشمەرگایەتیدا زۆر جار دەیگوت ئەگەر حکومەتیش بڕوخێ‌و بشچینەوە شار ئێمە و مانان دەرگای مەقەڕو دامودەزگاکانمان بە روو دادەخرێ‌و رێ نادەن بچینە ژوورەوە.

10- ئومێد: پێشمەرگەیەکی عەرەب بوو لە ساڵی 1987 لە جادەی هیران‌و نازنین شەهید بوو کورێکی زۆر دەم بە پێکەنین بوو.

11- سیامەند: پێشمەرگە بوو، لە ساڵی 1988، مار پێوەی داو شەهید بوو.

12- مولازم شێرزاد: پێشمەرگەیەکی زۆر ئازاو بە حەماسەت بوو لە راپەڕیندا لە کەرکوك شەهید بوو.

13- شۆڕش: پێشمەرگە بوو لە راپەڕیندا لە ناو سەرماو سۆڵەی هەیبەت سوڵتاندا شەهید بوو.

14- ئایشە گوڵ: شەهید ئایشە گوڵی دایکی محەمەد حەللاق.

15- مولازم چەتۆ: پێشمەرگەی دێرین، لە ئاهەنگ‌و دانیشتنەکانی سەردەمی پێشمەرگایەتی هەمیشە گۆرانی (ئەوەل سەحەرە)ی دەگوت.

کەریم کاکە (شوانە)

جەماوەری پردێ لە ئێوارەی (11)ی ئاداردا دژی رژێم راپەڕین

تێبینی:

دوای ئەوەی لە دەیەمین ساڵیادی راپەڕیندا، رادیۆی بەڕێزی ئازادی (12)ی ئادار و TV گولان لە (ئێوارە پەیام)دا رۆژی 13ی ئادار بۆ رزگارکردنی ناحیەی پردێ دەستنیشان کرد و برای بەڕێزم کاك (عەبدولڕەزاق مەرزنگ)ایش لە نامیلکەیەك کە بە ناونیشانی (راپەڕین)ەوە لە ئاداری 1992دا بڵاوکراوەتەوە، رۆژی 18ی ئاداری بۆ رزگارکردنی (پردێ) داناوەو چەند بەڕێزێکی دیکەش هەریەکەو بە بۆچوونی خۆیان رۆژێکیان داناوە. بۆیە ناچاربووم وەکو کەسێکی بەشداربوو لە راپەڕینەکەو رزگارکردنی ناحیەی ئاڵتون کۆپری (پردێ) لە بەرامبەر ئەو بۆچوونانە بێمە دەنگ‌و راستی رووداوەکان‌و رۆژی راپەڕینەکە وەکو خۆی بۆ مێژوو تۆماربکەم.

هیواداریشم دڵی هیچ کەس‌و لایەنێکم لێ نەڕەنجێ.

رابەر رەشید

ناحیەی ئاڵتون کۆپری یان (پردێ) یەکێکە لە ناحیە دێرینەکانی سەر بە پارێزگای کەرکوك‌و دەکەوێتە نێوان هەردوو پارێزگای هەولێرو کەرکوك‌و زێی بچووك بە ناویدا تێدەپەڕێ‌و دەیکاتە سێ گەڕەکەوە (تسعین‌و ئۆرتەیەخەو سالەیی)، نزیکەی (42) کم لە کەرکوکەوە دوورەو ناوچەیەکی کشتوکاڵی زۆر بە برشتیشی هەیە.

پێکهاتەی دانیشتوانی پردێ کوردو تورکمانەو بۆ سوێندیش عەرەبی تێدانییە- مەبەستم ئێستا نییە، چونکە رژێم عەرەبێکی زۆری بۆ هێناوەو خەریکە بە تەواوی تەعریبی دەکات.

رۆژانی بەر لە راپەڕین

دوای شالاوە بەدناوەکانی (ئەنفال)و راگواستن‌و تێکوپێکدانی زیاتر لە (4500) گوندو شارۆچکەو ئەو شکستە سەربازییەی بەسەر هێزەکانی پێشمەرگەی سەرجەم حزب‌و لایەنەکان هات لە ساڵی 1988و کۆکردنەوەی جوتیاران‌و دانیشتوانی گوندە کاولکراوەکان لە کۆمەڵگا زۆرە ملییەکان، بێ هیوایی‌و رەشبینییەکی لە رادەبەدەر باڵی بەسەر دڵو دەروونی زۆربەی هەرە زۆری خەڵکیدا کێشە نابوو کاریگەرێتییەکی زۆر نێگەتیڤانەشی لەسەر ئایندەی گەلی کوردستان کردبووو بە تێکڕای بە جاش‌و باشەوە چاوەڕێی هەڵوێستێکی باشیان لە رژێم نەدەکردو لە ترس‌و دڵەڕاوکێیەکی بەردەوامدا دەژیان.

داگیرکردنی کوێت لەلایەن عێراقەوەو دواتریش ئەو گورزە گورچکبڕەی کە لەلایەن هاوپەیمانانەوە ئاراستەی سوپای عێراقی کرا، زەمینەیەکی لەبارتری رەخساندو وەری جەماوەری دژ بە رژێم بەرزترکردەوە تاوەکو لە (4)ی ئادا ر لە خەباتو (5)ی ئادار لە رانیەی دەروازەی راپەڕین، گرکانی رقو قینی پەنگخواردووی جەماوەر لە رژێم تەقییەوەو لە چەند رۆژێکی کەمدا چەندین شارو شارۆچکە لە دامو دەزگا سەرکوتکەرەکانی رژێم پاککراوەو. لە ناحیەی (پردێ)ش کۆمەڵە گەنجێکی خوێن گەرم کە قوتابی‌و کاسبکارو کۆنە پێشمەرگەو چەکداری فەوجە سووکەکانی لە خۆ گرتبوو، کەوتنە خۆ بۆئەوەی بەپێی بەرنامەیەکی رێك‌و پێك زەمینە خۆش بکرێ بۆ راپەڕین‌و رزگارکردنی پردێ لە دەسەڵاتی رژێم. ئەوەبوو لە شەوی 7-8ی ئادار لە ماڵی یەکێك لە کۆنە پێشمەرگەکان کۆبوونەوەیەکیان سازداو لە ئەنجامدا لێژنەیەك پێکهات‌و چەند بڕیارو راسپاردەیەك دران لەوانە:

1- پەیوەندی بە هەندێ لاوی تورکمانەوە بکرێ‌و سەبارەت بە راپەڕین قسەیان لەگەڵدا بکرێ.

2- سەرجەم ئامادەبووان هەوڵی کۆکردنەوەی چەك‌و تەقەمەنی بدەن‌و لێژنەکەی لێ ئاگادار بکەنەوە.

3- زۆر ر بە وردی چاودێری پیاوانی رژێم بکرێ، بەتایبەتی ئەمن‌و ئیستخبارات.

4 - بڵاوکردنەوەی جۆرەها پروپاگەندە دژی رژێم، کە هاندەر بێ بۆ بەرزکردنەوەی وری جەماوەر.

5- بە هەر جۆرێك بێ یەکێك لە وێنەکانی دیکتاتۆر بە بۆیە عەیبدار بکرێ.

6 - پەیوەندی بە هەندێ کەسایەتی ناسراوی ناحیەکە بکرێ، بەتایبەتی ئەوانەی جێگای متمانەن‌و سەبارەت بە راپەڕین رایان وەربگیرێ. لەگەڵ چەند وردە راسپاردەو بڕیاری تر.

شایانی باسە سەرجەم بڕیارەکان بە رێکو پێکی ئەنجام دران، تەنها شێواندنی وێنەکانی دیکتاتۆر نەبێ، چونکە ژمارەیەك چەکداری هە ژارو بەدبەختی کورد کرا بوونە پاسەوانی وێنەکان. هەروەها ئەو بڕا تورکمانانەی کە سەبارەت بە راپەڕین قسەیان لەگەڵدا کرا، ئامادەیی خۆیان نیشان نەدا، بەڵام بەڵێنیاندا کە دژی راپەڕین نەبن. لەو چەند رۆژە کەمەدا کارێکی باش ئەنجام دراو زۆربەی ئەندامانی لێژنە کە بوونە خاوەن چەك‌و تەقەمەنی‌و شەوانەش هەواڵو پێشهات‌و گۆڕانکارییەکان دەگەیشتنە لێژنەکە.

پاش نیوەڕۆی (11)ی ئاداری 1991 ئێزگەی حزبەکان هەواڵی شارو شارۆچکە راپەڕیوەکان‌و دەستپێکردنی رژێم بە گرتنی خەڵکی‌و شەپزە بوونی پیاوانی رژێم، شەیرازەی دەسەڵاتی سەر کوتکەرانەو سامی بەعسییەکانی بە تەواوی لە باریەك ترازاندبووو زەمینەی راپەڕینی رەخساندبوو، بەڵام گەورەترین خەمی لێژنەکە لەوەدابوو کە چۆن جە ەماوەرێکی زۆر راکێشێتە ناو راپەڕینەکە، وەك دەڵێن گەلێ جار رێکەوت دەوری خۆی دەبینێ، جێگای خۆشحاڵی بوو کە پاش نیوەڕۆی (11)ی ئادار هەواڵێك لە کەرکوکەوە گەیشتە لێژنەکە کە گوایە رژێم دوو ئامر مەفرەزە خاسەی گوللە باران کردووەو عەلی حەسەن مەجیدیش سەرپەرشتی رەشبگیرییەکی فراوانی لە کەرکوکدا ئەنجام داوەو لەوانەیە هەر ئێستاش لە قەزای (دوبز)ەوە (شێخ نایف) بە هێزێکی عەشایری عەرەبەوە پەلاماری پردێ بدەن‌و هەر پیاوێکیان دەسکەوێ ئەنفالی بکەن.

ئەندامانی لێژنەکە هەر زوو ئەو هەواڵانەیان قۆستەوەو هەر کەسێکیان بدیبوایە لەو هەواڵانە ئاگاداریان دەکردەوەو دەیانگوت ئێوارە (پردێ)ش رادەپەڕێ.

جێگای خۆیەتی لێرەدا ئاماژە بە رۆڵی بەرچاوو جوامێرانەی پیاوێکی ناسراوی ناوچەکە بکەم کە ئەویش کاك (ص.شێخ.ج)یە، چونکە لە کاتی بڵاوبوونەوەی هەواڵی هاتنی عەرەبی عەشایر بۆ ئەنفالکردنی خەڵکی پردێ، شێر ئاسا لە بێشە هاتبووە دەرو بڕیاری شەڕی مان‌و نەمانی دابووو جەماوەرێکی زۆری لە دەوری خۆی کۆکردبۆوە. کە ئەو هەواڵە گەیشتە لێژنەکە، بە پەلە دوو ئەندامی سەرەکی لێژنەکە خۆیان گەیاندە ئەو بەرێزەو دوای ئەوەی لە مەسەلەی بەرگری کردن دژی هەر پەلامارێکی دوژمن‌و ئامادەیی جەماوەرەکە دڵنیا بوون، ئینجا باس لە مەسەلەی راپەڕین کراو ئەندامانی لێژنەکە رایان وابوو کاتژمێر (4)ی پاش نیوەڕۆ پەلامارەی دامو دەزگاکانی رژێم بدرێ، بەڵام لایەنی دووەم بە حوکمی ئەزموون‌و تەمەنی خۆی‌و خستنە رووی هەندێ پاساوی بەجێ ئەوانی ناچارکرد کە کاتژمێر (6)ی ئێوارە کاتی دیاریکراو بێ‌و کارەکانیش دابەش کران.

لە کاتژمێر (5.20) خولەك دوو کەس لە ئەندامانی لێژنەکە دوای ئەوەی دەرفەتیان بۆ دەرەخسێ دزە دەکەنە ناو (قاطعي جيش شعبي)یەکەو دەست بەسەر دۆشکاو چەکدارەکانی ناو (قاطع)ەکەدا دەگرن‌و هەر زوو هەواڵەکەش دەگەیەننە جەماوەرەکە بەوەی کە قاطعی جەیشی شعبییەکە کۆنترۆڵ کراوەو دەستی بەسەردا گیراوە، بۆیە (10) خولەك بەر لە کاتی دیاریکراو ئاپۆراى جەماوەرەکە لەبەری ساڵەیەوە پەلاماری دامو دەزگاکانی رژێمیان داو لە چەند ساتێکی کەمدا (بارەگای حزبی بەعس‌و بەڕێوەبەرایەتی ناحیەو ئەمن‌و مکافحەو بنکەی پۆلیس)و پۆستەو نەخۆشخانە دەستیان بەسەردا گیراو کۆمەڵێك ئەمن‌و ئیستخبارات‌و پۆلیس بە دیلی کەوتنە دەستی جەماوەرو بەرپەری رێزەوە مامەڵەیان لەگەڵدا کراو پاشان رەوانەی هەولێر کران.

لەلایەکی دیکەشەوە جەماوەری راپەڕیوی گەڕەکی تسعین کە لە چاوەروانی کاتی دیاریکراودا دەبن، بەڵام کاتێك گوێیان لە تەقەو پەلاماری جەماوەری راپەڕیو دەبێ، ئەوانیش دەیانەوێ بە ناو پردێداو لە دیوی لای هەولێرەوە بەسەر دامو دەزگاکانی بەعسدا بدەن، کەچی لەسەر پردەکەی (تسعین)ەوە دەسرێژیان لێدەکرێ‌و هاوڵاتییەك بریندار دەبێ، بەمەش کەمێك دوا دەکەون، بەڵام دووبارە هێرش دێننەوەو ئەجگارەیان لە پردەکە دەپەڕنەوە، ئیدی کاتێك جەماوەری ئەمبەرو ئەوبەر دەست لەملانێی یەکبوون‌و جەژنە پیرۆزی سەرکەوتنیان لە یەکتر کرد، هەموو پێکەوە کەوتنە پاکسازی کردنی شوێنەکانی دیکەو تا کاتژمێر (9.30)ی شەو هەموو شوێنە دیاریکراوەکان دەستیان بەسەردا گیرا.

جێگای خۆیەتی لێرەدا ئاماژە بە رۆڵی بەرچاوی چەکدارەکانی فەوجی (90)و چەکدارەکانی مەفرەزە خاسەکەی ناو ناحیەکە بکەم کە لە کاتی پێویستدا هاتنە دەست‌و بەشداری راپەڕینیان کرد لە رزگارکردنی (پردێ)دا تەنها هاوڵاتییەك‌و چەکدارێکی فەوجی (90) بریندار بوون‌و پیاوێکی رژێمیش کوژرا.

بۆ مێژووش دەڵێم؛ لە کاتی رزگارکردنی پردێدا جگە لە جەماوەری شارۆچکەکەو فەوجی (90) بەوڵاوە هیچ کەس‌و لایەنێکی تر بەشدارییان نەکردو کەسیش بە ناوی هیچ حزبێکەوە رانەپەڕی، بەڵکو هەموو بە یەك دەنگ بڕیاریانداو داگیرکەریان وەدەرنا.

رۆژانی ئازادی‌و کارو چالاکییەکانی لێژنەکە

رۆژی (12و 13)ی ئادار لاوە خوێن گەرمەکانی پردێ سەرقاڵی دۆزینەوەی پیاوە تۆقیوو بوودەڵەکانی رژێم بوون‌و لە کون‌و قوژبنی ماڵان دەیاندۆزینەوەو دەدرانە ئەو لێژنەیەی کە لە بەرەی کوردستانی پێکهاتبوو. ئەندامانی ئەو لێژنەیەی کە لە رزگارکردنی پردێدا رۆڵی کاریگەرو بەرچاویان گێڕا، هەر زوو کۆبوونەوەو بڕیاریاندا وەکو خۆیان هێنننەوەو هەوڵی گۆکردنەوەو یەکریزی لاوەکان بپارێزن‌و بە گیانی بەرەیەوە لەگەڵ هەموو لایەکدا رەفتار بکەن. بۆیە هەر زوو کەوتنە پاراستنی گیان‌و ماڵی هاوڵاتیان‌و دامو دەزگا حکومی‌و ئیدارییەکان بۆئەوەی لە تاڵانکاری بیانپارێزن. لەو پێناوەشدا دووچاری دەیان کێشەی زەق بوون، بەڵام هەر بەردەوام بوون‌و لە (16)ی ئاداردا توانیان ئێزگەیەکی ناوەخۆ بەهۆی بڵندگۆو چەند جیهازێکەوە بخەنە گەڕو خەڵکی پردێ‌و ئەو لێشاوی جەماو ەری کە بە ناوی رزگارکردنی کەرکوکەوە دەهاتنە پردێ لە زۆر شت ئاگادار بکەنەوەو هانی ئەو جەماوەرەش بدەن بۆ رزگارکردنی دوبزو کەرکوك‌و شوێنەکانی تر. هەروەها لێژنەکە توانی کۆنترۆڵی بەنزینخانەکە بکات‌و بە رێك‌و پێکی سووتەمەنی بەسەر خەڵکیدا دابەش بکات، جگە لەوەش چاودێری‌و پاراستنی گیانی دکتۆرەکان‌و ئیش‌و کاری نەخۆشخانەکەی گرتە ئەستۆو دەیان برینداری لە مردن رزگار کردو پرۆژەی ئاوەکەشی خستەوە گەڕو لە هەر هەموشی گرنگتر پاراستنی گیانی تەبایی‌و برایەتی نێوان کوردو تورکمانەکان بوو. هەر بۆیە زوو سەرجەم حزبەکان کەوتنە پە یوەندی کردن بە لێژنەکەو دانیشتن لەگەڵیان، بەمەبەستی راکێشانیان بۆ ناو حزبەکانیان، بەڵام زۆر بەداخەوە لە شەوی 27 لەسەر 28ی ئاداردا کە بڕیار وابوو قەزای (دوبز)یش رزگار بکرێ، کەچی هێرشی پێچەوانەی سوپای رژێم دەستی پێکردەوەو رۆژی (28)ی ئادار ناحیەی رزگارکراوی پردێ جارێکی تر داگیرکرایەوەو سوپای درندەی رژێم (75) هاوڵاتی بێتاوانی دەسگیرکردو لە سەربازگەی (دوبز) گوللە بارانی کردن کە زۆربەیان لە برا تورکمانەکانی پردێ بوون.

لە کۆتاییشدا دەڵێم؛ هیوادارم هەر کەسێکی تر، ئەگەر زانیاری زیاتری لایە با راستگۆیانە بۆ مێژوو تۆماری بکات.